يبحث مع وزير الداخلية توطيد العلاقات

لەڕۆژی 3-8-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی حیکمەی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز ئانا سەنائیالله خان وەزیری ناوخۆی پاکستان و شاندی یاوەری کرد، لەم دیدارە هەردوو لایەن بیروڕایان سەبارەت بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و ئیسلام ئاباد لەسەر هەموو ئاستەکان ئاوگەڕکرد و سەماحەتی حەکیم ئایگەیاند کە هەردوو وڵات بەدەست دەمارگیری و تیرۆر مێنەتی زۆریان بینیوە، بەمەش پێویستە هەماهەنگی لە هەوڵەکان هەبێتبە ئەوەی بە بیرو هۆشت بەرەنگاری تیرۆر ببنەوە، هەروەها ئاماژەی بە پەیوەندی مێژوویی نێوان عێراق و پاکستان کرد، هەروەها سەرکەوتنی لە لایەنی سەربازی و پەچەك کردن و دروستکردنی کەرستەی سەربازی.

سەبارەت بە سروشتی عێراقی بەڕێز حەکیم ڕوونیکردەوە کە عێراق ئێستا دەخێکی سەقامگیری لە ڕووی ئەمنی و سیاسی و کەمەگادا هەیە، کە پێشتر بەخەیاڵەوە نەبینیوە، ئەوەش لە ئەنجامی قوربانیدانی عێراقییەکان هاتووەتە دی، ڕوونیشی کردەوە کە سروشتی ئەو ڕکابەریانەی ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە دوای سەرکەوتنی بەسەر تیرۆر، ئەوەیە کە ڕووی کردوەتە بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوە بەتایبەتی دوای بەرقەرار بوونی بودجەی سیانی ،هەروەها دووپاتی کردەوە کە پاڵپشتی ڕەنمایی حکومەتی عێراقی دەکات بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پاکستان لە بواری دروستکردنی کەل وپەل و چەکی سەربازی و کشتو کاڵ و پیشەسازیدا.